١٥

# کەڵەکن

## گوندێکی دێرین و گەڕەکێکی نوێ لە شاری سلێمانی




نوسینی

**نەوزادی موهەندیس**

چاپی یەکەم

سلێمانی ٢٠٢٠

کەڵەکن گوندێکی دێرین و گەڕەکێکی نوێ لەشاری سلێمانی

نەوزادی موهەندیس

سلێمانی 2020



•خۆشبەختانە و دوای رزگاربوونی ئەم بەشەی کوردستان ولە ئێستاشدا لە رۆژئاوای کوردستان وگەشە وپێشکەوتنی هەست وبیری نەتەوەیی و هوشیاربونەوەی زیاتری کوردان لە باکور و رۆژهەلاتیشدا، بەهۆی سیستەمی نوێی جیهانی و نەمانی پیرۆزی سنورە دەستکردەکان و رووخاندنی دیکتاتۆر و تاکرەوەکانی ناوچەکە و تێکەلاوبونی شارستانێتی و کەلتورەکانی گەلان و نەتەوەکانی دونێیا لەگەل یەکتردا و پێشکەوتن و داهێنانە تەکنەلۆجیا نوێیەکانی سەدەی بیست و بیست و یەکەمدا، کوردانیش ئەسپی خۆیان تاوداوە لەهەموو بوارەکاندا ، دەسکەوت و ئەرک و کاری گەورەیان ئەنجام داوە.

•لەبواری نوسینەوەی مێژووشدا هەست دەکرێت کە زۆرێک لە دلسۆزان و خەمخۆرانی گەل و نەتەوەکەمان دەستیان داوەتە نوسینەوە و تۆمارکردنی مێژووی ((گوند و ناوچە و شار و تەواوی کوردستان)) و ئەمەش هانی زۆرێک لەکەسانی تری داوە کە هەریەکە بکەوێتە خۆ بۆ نوسینەوەی ئەو مێژووانە هەریەکە لە روانگە و دید و ئاسۆی بینینی خۆیەوە،ئەم هەولەی بەندەش ((مێژووی گوندی کەلەکن)) لەچوارچێوەی ئەو هەولە گشتگیرە نیشتیمانی و نەتەوەییانەدایە،کە بە کۆکراوە و تێکهەلکێشکردنی هەموو ئەو مێژوانە پێکەوە دەبنە سەرمایە و مەلۆ و شارا و خەرمانی بەبەرەکەت و گەورەی مێژووی نەتەوە و نیشتیمانەکەمان.



**Kelekin**
**An ancient village and a new neighborhood in the city of Sulaymaniyah**
**Nawzad al mohandis**
**sulaymaniyah_2020**